# ڕۆژی گەل



## هەواڵ

هەواڵ

### سێوە: مین لاوێک دەکوژێ

ڕۆژی ١٠-٨-٢٠٠٧ لە گوندی ئوسینی سەربەناحیەی سێوە، شوانێکی تەمەن( هەژدە) ساڵ بەناوی (ح-ح) بە هۆی تەقینەوەی ئەڵغامێک گیانی لەدەست ئەدات.هەر بەەکارەساتی مین لە ڕۆژی ١٣-٨-٢٠٠٧ لە گوندی ئەشکەنەی بناری پشدەر لاوێکی تەمەن هەژدە ساڵ بەناوی( م.م) بەکارەساتی مین گیانی لەدەست ئەدات . جێگەی ئاماژەیە کە ئەو ناوچەیە بەهۆی شەڕی ڕابردوی نێوان ئێران و عێراق، مینێکی زۆری لێە کەبەم هۆیەوە وڵاتیانی ئەو دەڤەرە دەبنە قوربانی هەر بۆیە وڵاتیانی ئەو دەڤەرە داواکارن لە لایەنی پەیوەندی دار تاکو ئەو شوێنانەی کە مینی لێیە پاک بکرێتەوە چونکا گیانی منداڵەکانیان لە مەترسی دایە.

### شەقڵاوە: لاوێک گیان لەدەست دەدا

ڕۆژی ١٢-٨-٢٠٠٧ لە گوندی خەتێ لەدەڤەری خۆش ناوەتێ وڵاتی( ت.ب) کەتەمەنی بیست و دووساڵ بووە بەهۆی یاری کردن بە تفەنگەکەی گولە یێک لەدەستی دەر دەچێت و بەسەختی خۆی بریندار دەکات، دوای ڕەوانەی نەخۆشخانەی شەقڵاوەی دەکەن بە مەبەستی تیمار کردن، بەڵام دوای سێ ڕۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانە، بەهۆی سەختی برینەکەی گیان لەدەست دەدات.

### چوارقوڕنە: دوو پشک منداڵێک دەکوژێ

ڕۆژی ١١-٨-٢٠٠٧ لە گوندی قەسرۆکی سەر بە ناحیەی چوار قورنە منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵ بەناوی (م-ئ) بە هۆی پێوەدانی دووپشک گیانی لەدەست ئەدات.

### سەنگەسەر: منداڵێک بە چەقۆ لێی دەدرێ

ڕۆژی ١١-٨-٢٠٠٧ لە سەنگەسەر، سەر بەقەلادزێ،مێردمنداڵێکی تەمەن پانزدە سال بەناوی (ر.ش) بە چەقۆیێک لە منداڵێک دەدات. دوای بریندار کردنی منداڵەکە لە ترسا ڕادەکات و خۆی دەکات بە ماڵێکدا کە ژنی ئەو ماڵە خەریکی دروست کردنی نان دەبێت لە حەوشەی ماڵەکەیان. هەر بە هۆی دیتنی ئەو منداڵە کە چەقۆی بەدەستەوە دەبێت ژنەکە لەترسا دەبورێتەوە، وادەزانێ کە بۆ ئەو دەچێت. دوای دەیبەن بۆ نەخۆشخانەو کەس کاری ژنەکەش سکاڵا لە دژی ئەو منداڵە تۆمار دەکەن دوای ڕۆژێک منداڵەکە دەگیرێت.

### شەقڵاوە: هەندەرانیەک هەرەشەی لێ دەکرێ

بە گوێرەی سەرچاوەی هەواڵ کە دانیشتوی هەوارگەی شەقلاوەیە، دوای ئەوەی وڵاتی (ئ.م.ئ) پرۆسەی هاوسەر گیری لەگەڵ کچێک بەناوی( س.ن) ی ئەو شارە ئەنجام دەدات و پاشان بەرەو وڵاتی سوید دەیبات، پارەیێکی زۆر لە کچەکە قەرز دەکات تاوەکو دەی گوازرێتەوەو لە هەندەران مافی پەنابەریەتی بۆ دەردەچێت. بەڵام بەهۆی نە گونجانیان پێکەوە، کێشەیان بۆ دروست دەبێت کە گوایە ژنەکە پەیوەندی هەبێت لە گەڵ کەسانی تردا، (ئ.م.ئ) لە لای خۆیەوە بڕیاری جیا بونەوە دەردەکات، دوای گەرانەوەی بۆ شەقڵاوە، لە لایەن کەس و کاری ژنەکە شکاتی لێدەکرێت و باوکی ئ.م.ئ دەستگیر دەکرێت. جێگەی ئاماژەیە کە لەلایەن کەس و کاری ژنەکە هەرەشەی کوشتنیان لێ دەکرێ بۆ ئەوەی کاریگەری خراپی هەبووە بۆ سنعەی بنە ماڵەکەیان.

### کفری: منداڵێک کارەبا دەی کوژێ

لە ڕۆژی ١٤ -٨-٢٠٠٧منداڵێکی تەمەن (دە)ساڵ بەناوی (هاورێ حەسەن) کە دانیشتوی شاری کفریە بە هۆی دەست کاری کردنی ئامێری کارەبا وە ، کارەبا دەیگرێ و لە ئەنجام دا دەیکوژێ.

### مەندەلی : دوو تەرم دەدۆزرێتەوە

ڕۆژی ١٥-٨-٢٠٠٧ لە کاتی دەرچونی هێزەکانی سپای نوێ عێراق بۆ ناوچەکانی دەوروبەری مەندەلی، دوو تەرم دەدۆزنەوە بەناوەکانی ( عباس قاسم) کە پیشەی سەربازی سپای نوێ عێراق بووە لە گەڵ(عباس عادل) کە پیشەی کاسب کار بووە. سەرچاوەکە_ کە لە پۆلیسی جەلەولا هەاوڵەکەی پێ ڕاگەیاندوین_ وتی کە بەهۆی بوونی پێناسەکانیان لە گیرفانیان دا ئەو تەرمانەمان ناسیوەتەوە.

### سلێمانی: کارەبا وڵاتیێک دەکوژێ

کاتژمێر (١١:٣٠) خولەکی ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٧ لە گەڕەکی مشیرئاوای شاری سلێمانی، وڵاتی (سالار حاجی محمد گەبەیی) لەکاتێکدا کە ویستویەتی بە شیش زێرابی بەرهەیوانەکەیان -کە گیرابوو- بەربدات ، لەوکاتە شیشەکە بەر کێبلی کارەبای نیشتیمانی کەوتووەو پێش گەیشتنی بە نەخۆشخانە گیانی لەدەست داوە.

## گەرمیان: چوار تیرۆریست دەکوژرێن

ئێوارەی ڕۆژی ١٥-٨-٢٠٠٧ دوای دەرچونی هێزەکانی پۆلیسی گەرمیان لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکان بۆ دەوروبەری ناوچەکانی زنجیرەچیای (حەمرین) لە گوندی خەلاوی سەربەو بنارە، لەگەڵ گروپێکی تیرۆریستی ئەلقاعیدە بەشەر دێن. لەم بارەوە سەرچاوەیێک لەپۆلیسی جەلەولا پێ ڕاگەیاندین: کە دوای شەڕێکی یەک کاتژمێر و نیوی لە گەڵ تیرۆریستانی ئەلقاعیدە، دەرئەنجامی کوشتنی چوار تیرۆریستی لێکەوتەوە کە یەکێکیان ناسنامەی سعودی پێ بووە و ئەوانی تریش عەرەبی سونە بوون ، ئەمە جگە لە دەستگیر کردنی بیست و یەک تیرۆریستی تر بووە، سەرچاوەکە ڕاشی گەیاند: کە لەم شەڕو پێک دادانە یەک کەس لە پۆلیسی هێزەکانی گەرمیان بریندار بووە.

## قەلادزێ: بەتاوانی کوشتنی ژن و منداڵەکەی دەگیرێ

کاتژمێر دوو و نیوی شەوی ١٥-٨-٢٠٠٧ لە گەرەکی ڕاپەرینی شاری قەلادزێ، وڵاتیکی تەمەن سی و حەفت ساڵ بە ناوی (ئ.م.ع) ژنەکەی خۆی بەناوی (ف.س) کە تەمەنی چل ساڵ دەبێت، منداڵیکی لە سک دادەبێت، دەکوژێ و دوای بە خەبەر بوونەوەی منداڵیکی بەناوی هەنگاو ئەویش دەکوژێ و پاشان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێت. لە ژێر لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت کە بەهۆی هاندانی دایکیەوە، خێزانەکەی خۆی کوشتووە بۆ ئەوەی تاوانەکەی ئاشکرانەکرێت منداڵەکەی خۆی کوشتووەتەقەشی لەکورەکەی کەگەنج بووە، کردوە بەڵام ئەولەسەر بانی ماڵەکەیان خۆی فڕێ داوەتە خوارەوە ڕای کردووە.

## عەربەت: دەست درێژی لە کچێک دەکرێ

لە هەفتەی ڕابردوو لە گەرەکی شەهیدانی عەربەت دوای ئەوەی کرێچییێک نەخۆش دەکەوێت و لەگەڵ ژنەکەی بۆ نەخۆشخانە دەچێت منداڵەکانی دەداتە دەست ساحێب ماڵەکەیان. بەڵام دوو کوری ساحێب ماڵەکە شەو دەچنەسەر ماڵی کرێچیەکەو دەست درێژی دەکەنە سەر کچی ئەو ماڵە دواتر کچەکە پیان دەڵێ دەبێ بتان خەمە سجنەوە، بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵەکە پێ دەچێت شتی بێ هۆش کەریان دەرخوارد کچەکە دابێت. ئێستا ئەو دوو کورە لە سجن دان و خوێنی کچەکەش بۆ پشکنینی پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی دادوەری کراوە تاکو بزانن ئایا کچە یان کراوە بە ژن.تاکو مامەڵەی یاسایی لە گەڵ ئەو دو تاوانبارە بکرێت .

## خانەقین: گۆرێکی بە کۆمەڵ دەدۆزرێتەوە

هێزەکانی پۆلیسی گەرمیان لە درێژەی کار و چالاکیەکانیان توانیان لەهەفتەی ڕابردو دوو تیرۆریست بگرن کە لە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژی١٤-٨-٢٠٠٧ دانیان بەوە ناوە کە دەستیان هەبووە لە کوشتنی چەند کوردێکی دانیشتوی خانەقین کە لە ڕاپەرینەکەی ساڵی نەوەدوو یەک بە شداربوون یان پێشمەرگە بوون. دوای شوێنی ئەو تەرمانەیان ئاشکرا کردوە کە بەکۆمەڵ لەوێ شەهیدیانیان کردوە. دواتر لە لایەن ئاسایشی خانەقین تیمێکی گەران و وپشکنینیان لە سلێمانی بانگ کردووەو لەسەر شارەزایی ئەوان توانیویان لە ڕۆژی١٤-٨-٢٠٠٧ لە گەرەکی بەختیاری شاری خانەقین تەرمی( سی و سێ )کەس بدۆزنەوە کە لە گۆرێکی بە کۆمەڵدا نێژرابوون.

## کفری: دوو منداڵ دەرفێندرێن

لەڕۆژی ١٥-٨-٢٠٠٧ لە گەرەکی شاسواری شاری کفری لە کاتی یاری کردنی دوو منداڵ بەناوەکانی(ڕۆژان.خەلیل)ی تەمەن ( نۆ) ساڵ و (بێ خاڵ سەرکەوت)ی تەمەن ( شەش) ساڵ، لەلایەن ئۆتۆمبیلێکی جام ڕەش دەرفێندرێن.لەم بارەوە کەسێکی نزیک لە خانەوادەی ڕۆژان، پێ ڕاگەیاندین کە منداڵە کان وتیان ئەو کەسانە تورەکەیان کردەسەرمان دوای دەرکردنمان لە بازگەی شاری کفری، لە نزیک گوندی (ناساڵح)ی شاری کفری پرسیاری پیشەی باوکمانیان کرد، ڕۆژان خەلیل ووتی کەباوکی من پۆلیسە و بێخاڵیش وتویەتی کە باوکم میوە فرۆشە، بۆیە دەست بە جێ ئازاد کراون.

## جەلەولا: گەورە تیرۆریستێک بە پلەی ئەمیر دەکوژرێ

لە گوندی (ئەبو دەڕاجی) خۆرئاوای شاروچکەی جەلەولا گەورە تیرۆریستێک بە پلەی ئەمیر بەناوی رائد(حاتەم ساڵح) لە لایەن هیزەکانی پۆلیسی گەرمیان دوای ئەوەی کە بریندار دەبێت، پێش دەستگیر کردنی خۆی دەتەقێنێتەوە، سەرچاوەیێک لە پۆلیسی هێزەکانی گەرمیان بە پەیامنێرمانی ڕاگەیاند: کە جگە لە خۆ تەقندنەوەی ئەو تیرۆریستە کە پلەی ئەمیر بووە، تیرۆریستێکی تر کوژراوەو چەن گومان لێکراوێکمان دەستگیر کردوە کە پێ دەچێت لەگەڵ تیرۆریستان پەیوەندیان هەبێ.

## قادرکەرەم: شۆفێرێکی لۆری دەرفێندرێ

ڕۆژی ١٣-٨-٢٠٠٧ چەند خزمێکی نزیک بەر پرسێکی سەربازی ناسراوی کورد لە ناوچەکانی قادر کەرەم، شۆفیری گەلابەیێک دەرفێنن بەنیازی پارە وەرگرتن. شۆفیرەکە کە دوو منداڵی لە گەڵ دەبێ ، دزەکان دوو منداڵەکەو گەلابەکە بە جێ دەهێڵن و کابراکە دەرفێنن، دواتر بەهۆی دوو منداڵەکەوە ئاشکرادەبێت کە (سێ) کەس هاتوون و دوو ئۆتۆمبیلی جۆری( دەبڵ نیسان) و (پەترۆڵ) یان پێ بووەو باوکیان دەرفێنن، کاتێ کە لایەنی سەربازی و ئیداریەاکن ئاگەدار دەکەنەوە دەچنە ناوچەکەو دەزانن کە ئەوانە کێ بوون کە ئەو کارەیان ئەنجامداوە شایانی باسە بەدوادا چونی پۆلیس زۆر هەیە بە پۆلیس و پێشمەرگەوە بۆیان دەگەرێن تا ئێستا رفێندەرەکان نەگیراون .

## خانەقین: وڵاتیەک دەکوژرێ

ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٥ لەنزیک پارکی (خۆشی) شاری خانەقین، لەلایەن چەند کەسێکەوە، کەسێک بەناوی (ئەبوو عەلی) کە دانیشتووی شاری خانەقینە، دەدرێتەبەر دەسترێژی گوللەو لەئاکامدا گیانی لەدەست ئەدات. سەرچاوەیەک لە پۆلیسی خانەقین بە پەیامنێرمانی ڕاگەیاند کەناوبراو پاسەوانی قایمقامی قەزای خانەقینەو هۆکاری ڕووداوەکە کێشەیەکی خێزانی بووە، بەڵام بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە قایمقامی قەزای خانەقین پێمانی ڕاگەیاند: کە تاکو ئێستا هۆکاری کوشتنەکەی ئاشکرا نەکراوەو دۆسیەکەی لای حاکمەو تائێستا هیچ لێدوانێکی نەداوە لەوبارەوە.

## گەرمیان:دزی لە کۆمپانیایێکی ئەمریکی دەکرێ

سەرچاوەیێکی ئاگادار لە دێهاتەکانی ناوچەی گەرمیان بەپەیامنێرمانی ڕاگەیاند : کە لە لایەن چەن کەسێکی چەکدار تەقە لە خالێکی پشکنین دەکرێ کە بۆ حمایەی کۆمپانیایێکی ئەمریکی دانرابوو لەگوندی زەردێ سەر بەقەزای کەلار، ئەو چەند کەسە چەکدارە سەرەرای ئەوەی چەند ئامێرێکی ئەو کۆمپانیایە ئەمریکیە کە بە وزەی خۆر کاردەکات دەشکێنن چەند ئامێرێکی بەنرخیش دەدزن، سەرچاوەکە راشی گەیاند کە زەرەروو زیانی ماددی کە لەو کۆمپانیایە کەوتووە بە بەری ٢٥٠ هەزار دۆلار مەزندە دەکرێت، هەروەها گوتیشی کە ئەو کۆمپانیایە بۆ دەرهێنانی نەوت لەو ناوچەیە دامەزراوە.

### بوومەلەرزەیێک عەربەت دەهەژێنێ

کاتژمێر ٢٢:٥٠ خولەکی شەوی ٢٠٠٧/٨/١٧ بومەلەرزەیەکی کەم هێز، لەشارۆچکەی عەربەت ڕویدا. ووڵاتیانی عەربەت بۆماوەی نیو کاتژمێر لەترسی دوبارەبونەوەی بومەلەرزەکە هاتنە حەوشەی ماڵەکانیان.

## هەواڵی سەیر

*تاوانباری تەقینەوەگەورەکەی ڕۆژی ١٦-٧-٢٠٠٧ ی شاری کەرکوک کە ناوی (سابت) بووە بەرپرسیارەتی خۆی لە لە کەناڵەکانی راگەیاندن سەلماندووە، باسی ئەوەی کرد کەلەگەڵ موشەک و تەقەمەنیەکان چەندها بتڵ گازی کلۆریشیان بەکار هێناوە. شایانی باسە ناوبراو کە بەرێوەبەری قەزای حەویجە بووە دۆستی نزیکی(ق) بووە کە بەرێوەبەری ئاوی قەزای حەویجە بووە و بەنوسراوی ڕێگە پێدانی ناوبراو بێ حیساب کلۆری سەرف کردووە بۆ ئەو قەزایە، تا ئێستاش کەس لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکردوە کە بۆ چی ئەو هەمو کلۆرە لە ڕادە بەدەرەی سەرف کردووە بۆ ئەو هەموو قەزاو ناحیەی دەرەوەی شاری کەرکوک لە کاتێکدا خۆی دەزانێ چەندیان پێویستە و ئەگەر زیادیش بێت چەندە ترسناکە!!!!!

*ئەندامی حزبێکی گەورەی دەسەڵاتدار لە یەکێک لە ناحیە نزیکەکانی کەرکوک ئاڵای کوردستان دەدرێنن لەڕقی بەر پرسی ناحیەکە، ناوبراو بێ منەتیش دەبێت بۆیە لەنوسینگەی قایمقامیەتی قەزای چەمچەماڵ بەبەرپرسێکی ئەو ئەندامەیان وتووە کە ئەگەر نەیێت و داوای لێبوردن نەکات داوای یاسایی لەسەر تۆمار دەکرێت چونکە ئەو ئاڵایە هی هەموو کوردستانەو هی حزبێکی دەسەڵاتدار نیە هەتا لە ڕقا بیدرێنێ لەبەرامبەردا بەرپرسەکە بەڵێنی داوە کە چارەسەری بکات و سزای تایبەتی حزبیشی بدەن.

* وڵاتی (ر.م) کەدانیشتووی گەرەکی ڕاپەرینی قەزای چەمچەماڵە بەتۆمەتی سەنەوی تەزویر دەگیرێت و لە بنکەی پۆلیسی چەمچەماڵ زیندانی دەکرێت. شایانی باسە ناوبراو ئۆتۆمبیلێکی لە کوری پیاوێکی ناوداری شارەکە کڕیوە کە سەنەویەکەشی بەناوی خۆیەوە بووە، دوای ماوەیێک دەرکەوتووە کە ئۆتۆمبیلە کە دزیەتی بووە و دەستگیر دەکرێ، دوای هەفتەیێک لە زیندانی کردنی ئینجا پۆلیس تەزویرچیەکە -کە خۆی بەخاوەن ئۆتۆمبیلەکە دەزانێ- دەگرن، سەیرەکە لەوەدایە کە بەچەندین واسیتە و داواکاری کەسی دووەم گیراوە کە چی (ر) کە تاوانی لە کێشە کەدا نیە تا ئامادە کردنی ئەم هەواڵە هێشتا بەڕەڵا نەکراوە!!!!!

*وڵاتی(ک.ن) لەشەوی ١٤-٨-٢٠٠٧ لەگەرەکی قادسیە بەنیازی داوێن پیسی دەچێتە سەر ماڵی دراوسێکیان وئاشکرادەبێت، کەس و کاری ئەو ژنە کە ئەم دەیەوێ داوێن پیسی لە گەڵ بکات بە تفەنگەوە پەلاماری دەدەن و دەیانەوێ بیکوژن و خەڵکی کۆڵان ئاگەدار دەبنەوە بۆیە لەوکاتەدا فرسەت دەزانێ و خۆی دەرباز دەکات ، ئەوانیش دەچنەسەر ماڵ و منداڵی و دەڵێن ئێمەیش تۆڵەی خۆمان لە ئێوە دەکەینەوە، بەڵام خەڵکی گەرەکە کە دوریان دەخەنەوە ژن و منداڵی کابراش دەڵێن ئێوە هەموتان دەزانن کە ئەوپیاوە بەکەڵکی کەس نایێت و ئێمەشی بەڕەڵا کردوە بڕۆن بی کوژن. شایەنی باسە (ک) پیاوێکی داوێن پیس و خاوەن ژن و منداڵەو بێ ڕەوشتە ئەو کارەی کردوە و ئێستاهەڵهاتوە بۆ شوێنێکی نادیار و ماڵ و منداڵەکەی بێ خاوەن کەو تووە.

*ناحیەی لەیلان لەکاتی حوکمی پاشایەتی دا ناوی ( قەرەم سەن ) بووە دوای هاتنە سەر کاری دەسەڵاتی کۆماری لە لایەن ماستاوچی تورکمانەکانەوە ناونرا(لەیلان)، بەڵام دوای گەشەسەندنی دەسەڵاتی بەعس ئەوێش بەر یاسای تەعریب کەوت و ناویان نا ( ئومولمعارک)، شایانی باسە تائێستا لەزۆر شوێنی پارێزگای کەرکوک ئەو ناوە عەرەبیەوبەعسیانەوەکو خۆی ماوەتەوەو لەفەرمانگەکان هەربەو ناوە کارەکان چێ بەچی دەکرێن، یەکێک لەو شوێنانە ئەو ناحیەیە کەتائێستا (مۆری دائیرەی نفوسەکەی ) هەمان مۆری کاتی (بەعسیە) و بەناوی ( ئومۆلمعارک) ەوەیە...سەیرەکە لەوەدایە لەبەر ململانێ حزبایەتی پۆستی بەرێبەری ناحیە بەکوردنەبڕاو تورکمانێک بووەتە مدیر ناحیە لەکاتێکدا زیاتر لە (نەوەد) دەرسەدی دانیشتوانی کوردن، رەنگە هەر لەبیریان نەبێ کە مۆرەکەیان وایە .